# کەلار ئەی شارە مەئویسەکەم

کۆژان
2005-09-10

کەلار ئەی شارە مەئویسەکەم،تا دوێنێ شمشێربەدەستانی بەعس،گوللەیان لە ڕۆحدا ساردئەکردوە،مەزاتیان بە کچ و کوڕەکانتەوە ئەکرد،تۆ وەک دایکێکی،ڕۆڵە کوژراو دڵ حەزین،بالۆرەی هەڵوەرینی تەمەنی خەڵکە خێرلەخۆنەدیوەکەت ئەوتەوە،هاوینان بەدەم هەڵکروزانی پرچتەوە،زمستانیش بەدەم ڕەشەبای بێ ڕەحمەوە،تنۆک تنۆک ڕۆحت ئەبوە فرمێسک و ئەترژانە

سەر زامە سەرمەدیەکانی هەناوت،ئەمڕۆش بۆ تۆ هیچ نەگۆڕاوە، بێدەرەتانەکان،هەتیوەکانی ژێر لێفە دڕاوەکەت،زیاتر لە جاران هەتیوترن ، منداڵە چاوزیتەکانت بە خۆیان و سندوقی بۆیاخیانەوە،لەگەڵ خۆرا هەڵدێن و لەگەڵ ئەستێرەدا ئەچنەوە،داربڕەکان هەرداربڕن،بەگزادەکان هەر بەگزادەن،کەس وەک من شیوە خەمی لە گەڵتدا بەش نەکردوە،ئەی حەزینترین شاری جیهان،بۆ دەبێ گریان بەشت بێ، هەموو سەگو گورگەکانی کاسە لێسی بەعس تا دوێنێ پرچیان ئەبڕیت،ئەمڕۆش هەرپرچت ئەبڕن،ئەی دایکە ڕەشپۆشەکەم،هەواڵم بیست کوڕو کچە خێرلەخۆنەدیوەکانی خۆتت هانداوە،پێیانت وتووە لەوە زیاتر بێدەنگیتان لێ قبوڵناکەم،ئەبێ چارەیەک بۆخۆتان بدۆزنەوە،تاکەی لەژێر باری خەمدا ئەژین،ژیان پێنج و دوو ڕۆژێکە،کەی ئەتانەوێ وەک مرۆڤ بژین،کەی ژن ئەهێنن کەی شو ئەکەن،کەی پرچم لە خەنە ئەگرن،کاتی خۆی لە لەناو گوڵە گەنمەکانی نیساندا چەن جارم پێم ووتی دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی هەر دەسەڵاتە،ئاوێتەی گەمەیەکی هەتاهەتایی بووە، مرۆڤ و خودا وەک تۆو مەینەتی ئاوێتەی یەکتربوونە جیانابنەوەو لە بازنەیەکی داخراودا ڕێساکانی بوونیان تازە ئەکەنەوە،

کێ ئەزانێ تۆ لەکەیەوە پەناگای کەشکۆڵ بەدەست و دیوەرەکانی ئەو دەڤەرەیت،کێ ئەزانێ تا ئێستاش ژانی زامی سم و ڕمی ئەنفالچیانی کۆن و نوێت لێ ئەتکێ،ئەی کەلارە خەم بارەکەم،تۆ بە خەم ئەژیت و بۆ خەم ئەمریت،ئێساتش لە جاران پەڕپۆت تری ئەی بۆڵە خەمەکەی

کوردستان،بیرتە بەمنداڵی پێت ئەوتم ئەم شوێن خەرمانە جەستەی زیاتر لە نیوەی خەڵکی شاری تیا حەشاردراوە بەدەست دەمامک لە سەرەکان عاشقانی خوێن و شمشێر،باپیرەی ئەنفالچیانی نوێ.

پێت ئەوتم گەر بڕوا ناکەیت لە خوشکە هاوتەمەنەکم بپرسە لە جەلەولای خوێن و فرمێسک.من ئەزانم کەس بەقەد تۆ ڕقی گەورەی لە دەسەڵات و سیاسەت نیە،کوڕو کچەکانت،منداڵ و پیرەکانت، ژن و پیاوەکانت،هەریەک بە شێوەک لە کاتێکدا چزە لەڕۆحیان هەڵساوە بەدەس سیاسەتی دەسەڵاتەوە،تا دوێنێ بەگەکان سوخرەیان

کردبوە پیشەی هەمیشەیی خەڵکە خێرلەخۆنەدیوەکە،جوتیارە ڕوومەت ڕەنگ هەڵپڕوکاوەکان،بە نان و ئاویکەوە تا ناشتنی خۆر، ڕۆح و جەستەی ماندووی خۆیان درەو ئەکرد،پاداشتی ئێوارەشیان ووشەی مسکێنی خوێڕی و بۆرەی گەماڵ بوو.کەلار ئەی ماڵێ لە ئاگر،ئەی زەلکاوێ لە بۆنی پیسی کردەوی دەسەڵات،ئەی شارێ لە ڕوخان،ئەی ئاسمانێ لە گەردەلول ،ئێستاش هیچ نەگۆڕاوە،دەسەڵات تەنها وەرگێڕی پێوست نیە،دەسەڵات نە فارسەو نە عەربەو نەتورک،ئیمارەتەکەی سۆران(سلێمانی)وەک ڕۆنی کوردی خۆماڵیە،ئەوان ئەڵین ئێمە کارەبامان هەیە ئیتر ئێوە بۆچیتانە،پارە بەری ڕەنجی شاخمانە،ئاوی سارد قابیلی هەڵمشێکی وەک ئێوە نیە،ئەوان ئەڵێن ئێمە دروسکەری مێژووی ئێوەین،ئەڵێن ئێمە نەبین ئێوەش نابن،دە لیمانگەڕێن با بە کوردیانە بتان چەوسێنینەوە،ئەوان ئەڵێن ئێوە چۆن وێراتان بە ئێمەی سێبەری خوا بڵێن دز،ئەم سەرزەمینە تاپۆی ئێمەیە،هەی هەش بەسەران هەی ئەو کەسانی هێشتا جێگەورێگەی خۆتان نازانن،هەی ئەو نەفرەت لێکراوانەی پێش ڕاپەڕین ئێمەش بەشێک بووین لە ئێوە،باش بزانن ئێمە ئەو بەرگە کۆیلەێتیەی ئێوەمان بۆ هەتا هەتایە فڕێداوە،یا ئەبێ ئێمە سەروەرتان بین، یان ئەبێ بتانکەین بەعیبرەت بۆ زەمانەو دەوروبەر،ئاخر نەبووەو نابێ بەگ و مسکێن وەک یەک بژین،دەک خەجاڵەت بن ئەی کۆیلەکانی کەلارچۆن ڕووتان هات گەورەکانتان لە خەوی پاش ماندووبوونی شەوە ڕاسپۆتینیەکانیان خەبەرکەنەوە،باش بزانن، ئێمە لە خێڵی ئیسحاق و یەعقوب نین ئێمە جولەکەی ترسنۆک نین تا وولامی بەردی فەلەستینی بە گوللەی پلاستیکی بدەینەوە،بەردێکتان دە گوللەیە دلۆپێ خوێنمان خوێنی گلاوی بەرد وەشێنێکە،ئێمە مەمنونی چەند کەسانێکتانین کە چاویان بڕیوەتە کورسێکانمان،ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئێمە چۆن وولامی ئەم دەم درێژیەی ئێوەمان بە گوللە بدایەتەوە،ئێوە گێل و نەفامن،ئەگەر ئەو چەندکەسە مەبەستدارەتان تیانبوایە ئەوکارە خۆمان بمانکردایە،پیاوەکانی خۆمان ئەخستە ناوتانەوە بۆ ئەوەی بەردمان تێگرن،چونکە ئەگەر ئێوەی ئابڕووتکاو بە سەلامەتی دەرچوبان ئێمە لە شوێن خۆماندا شەقمان ئەبرد،

## کەلار

*من بۆ کەلار*
*منداڵێکی لاسارو جەستەیەکی ماندوو*
*کەلار بۆ من*
*ئازارێکی خۆڵەمێشی و لە بیر نەچوونەوەێکی ئەبەدی*
*تەمەنم زەرد بووەو هێشتا شەوانە دەفڕم و*
*لەسەر پلوسک و گوێسوانەی*
*خانوە قوڕکانی منداڵیم ئەنیشمەوە*
*ئای لەخەونی هەتیوێکی هەژار*

بەکراسێکی کون کونەوە
کوڵان کۆڵان بەپێی پەتی
دەرگا بەکڵۆم داخراوەکانم ئەکوتی
دەبابرۆین وا بەهارە
(خرِی حاجی) * مەمکەکانی پرِبوونە لە ئاوی تەزیو
وەک یۆحەنا
ئەو لەکەناری ئەردەنەوە
گوناهی خەڵکی دەشۆردەوە
ئاوی خریش بێ گوناهی ئێمەی دەخواردەوە
ئەو عاشقێکی بەهارە بوو
حەزی لە کورِو کچەکانی لادێ بوو
تا جۆزەردانێکی درەنگ وەخت
لەچاڵاوە لێڵەکانیا
وەک منداڵە لاسارەکانی شێرزاد حەسەن**
مەلەی ژیانمان تیا دەکرد

***

کەلار
ئەی کچە قەیرەکەی گەرمیانم
بەهار دەهات
چاوت بە کلی حیجاز دەرِشت و
سنگ و مەمکت بەسمڵ ومێخەکی
خرِحاجی بۆن خۆش ئەکرد
هەر دوێنێ بوو
وام ئەزانی خۆشم ناوێی
وام ئەزانی تۆ دایکمی و
بە زللە روِمەتە تۆزلێ نشتوەکەم ئازار ئەدەی
نەم ئەزانی
تەنها تۆ بوویت فرمێسکەکانمت ئەخواردەوە
گۆنا ماچ نەکراوەکەمت
ماچ ئەکرد

دڵ نەوایی بێ باوکی و دڵ ڕەقی دایکمت

ئەدایەوە

***

کەلار

ئەی کچە شەرمنەکەی گەرمیانم

هەموو شەوێ بۆنت ئەکەم

ئەتخۆمەوە تینوم ناشکێ

ئەرێ بیرتە؟

لەدوای وەرزی باران بڕان

جار جار ئاهێکی قووڵت

بۆ ڕوت و ڕەجاڵیم ئەکێشا

ئەبووە گەردەلولێکی هاوینەو

بە تەنها دەرپێیەکی خامەوە

تۆش وەک دایکێکی میهرەبان

بە زیخە ووردەی خاکتەوە

ختوکەی ڕۆحمت ئەدا

کە گەورەش بووم

کاتێ ئارەزووی ماچم ئەکرد

لاشەت ئەکردە بەرماڵ و

نوێژە عاشقانەم تیا ئەبەست

* : خڕ حاجی: چەمێکی بەهارەیە ئەکەوێتە ڕۆژئاوای کەلاری کۆنەوە

**پاڵەوەنەکانی چیرۆکێکی شێرزاد حەسەنە